# جۆگەیەک ئاو لایدایە ماڵی ئێمە!!..



تەیب جەبار

**ئاماژە بە سەردانتان لە رۆژی ( بریقە )دا ،**

**تکایە بۆ ئاگاداریتان ،**

**ئەو رۆژە ..**

**جۆگەیەک ئاو لایدایە ماڵی ئێمە . درەخت ریزیان بەست ، دەستیان کرد بە سەما . پەڵە هەورێ دەستی درێژ کرد و ناوچەوانی شاخی سڕی . شاخ لە خۆشیدا ، ئەوەندە قاقای لێدا ، خەریک بوو بکەوێت بە دەما . چەم چەند خۆی تاودا ، نەیتوانی بەهەردەکەدا سەرکەوێ ، خەریک بوو شێت بێ ،سەری شۆڕکرد و بەلارە لار بە دۆڵەکەدا شۆڕ بـووەوە .**

**ئەو رۆژە ..**

**خەریک بوو لە شەرما رەقبمەوە . تینوێتی سواغیدام . رەنگم وەک رەنگی بێدەنگی ئەسمەر هەڵگەڕا . شێتایەتی دەم و چاوم بەتاڵ بوو . سەرسامی ، سەری زۆر سوڕما و هەر لێم ورد دەبووەوە ، وای دەزانی من تۆپەلێک بێداریم . ئەوەندە پێم لە کاری نارەوا هەڵکەوت ، تاکو وردە وردە شێوەی هەورم وەرگرت .**

**ئەو رۆژە ..**

**دەمویست خەمباری بدوێنم ، بەڵکو دڵی نەرم بکەم و ئاشت بێتەوە .سەرەتایەک بۆ لەخەوهەڵسان دانێم . زۆر دەستنوسم ئەمدیو ئەودیو کرد ، بە نیازی ئەوەی پێڕستێ بۆ داستانی خۆڵەمێش رێکخەم . کەوتمە**

گەڕان بە دوای شوێنەواری بێکاریدا بۆ ئەوەی دەفتەرێ بۆ داهاتەکەی بکەمەوە . بەڵام هیچم پێ نەکرا ،چونکە هەموو شتێک بە زستان داپۆشرابوو .

تکایە ، بۆ ئاگاداریتان و ..

ئاماژە بە پەیوەندی تەلەفونیتان لە رۆژی ( رەونەق )دا ،

من لە ماڵەوە هەندێ سەرمام کۆکردبوەوە ، ئەو رۆژە تەماشام کرد رزیوە ، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات بە پۆستدا بۆتان رەوانە بکەم . لەگەڵ رەوانبیژی پاوانخوازیدا کێشەم زۆرە ، خەمساردییش رێنوسی خۆی ساغکردۆتەوە . بۆیە خەونەکانم راخست و لەسەری دانیشتم ، دەستم کرد بە ئێشک گرتنی بەدبەختی ، ورده ورده گرێ کوێرەی بەسەرچووم کۆپی دەکرد .

ئەو رۆژە ..

دەستی مناڵیی خۆمم گرت . دەستەکەی ترم خستەسەرشانی نیشتمان ، هەستم کرد هێشتا لەبیر چوون بەری نەداوە ، ناتوانێ چوار وەرزە شیر بدات ، نازانێ چوار مشقی دانیشێ و بەرگی ئازار داکەنێ . مایەپوچی دەست وقاچی بەستۆتەوە و سەرەخولێیەتی . بە فیکەی خۆ بەکەم زانین مامەڵە لەگەڵ نەڕە نەڕی دەور وبەردا دەکات . وادیارە لە کۆتایی تونێلەکەدا وەک جاری جاران بە دۆڕان خۆمان پاک دەکەینەوە .

تکایە بۆ ئاگاداریتان ..

ئەو رۆژە ، بۆ حاڵی خۆمان زۆر گریام .

بیرم لە بیرکردنەوەی پاشا دەکردەوە ، بینیم کراسی دابڕانی لەبەردایە ،هەوای نەفس سەری لێتێکداوە ، شایی و شینی تێکەڵ کردووە ، لەگەڵ سێبەری خۆیشی ناتەبایە . دەیەوێ پەنا بەرێتە بەر بۆسە دانان بۆ بەختەوەری و زەبونی ، بەڵام بێ پلان و بیرکردنەوە . دەست بۆ هەموو شتیک درێژ دەکات و نازانێ لە کوێوە دەست پێ دەکات ، لێی دەپرسم : بۆ وا دەکەی ؟ دەڵێ : من باوەڕم بە سەرەتا و کۆتایی نییە ! لە کوێ بچڕا گرێی دەدەم ! خۆت دەزانی بیرکردنەوە پەتێکی باریک و کرژە ، زوو زوو دەبچڕێ و کورت دەهێنێ . بێگومان دەرئەنجام بە تۆڕی هەرەس خۆمان دەگرینەوە .

لەبەر رۆشنایی ئەو وێنانەی سەرەوە

پاڵپشت بەو بێ تاقەتیەی پێمان دراوە ، بۆیە بڕیارماندا دانیشتنی پێنج ئەستێرە بەقەدکراوی بهێڵینەوە .

لە کۆتاییدا ، ئاواتەخوازم هەمیشە لە بێزاریدا بن ،

بە هیوای یەکتر نەبینین .

تکایە ، بۆ ئاگاداریتان ، لەگەڵ رێزدا ..

**هاوپێچ //**

**1. فەرمانی شیعری ژمارە (زع ) لە رو/م/س ئا ل ن ،سەبارەت بە دەستگیرکردنی پێکەنین .**

**2. نوشتەی کۆمەڵەی ( هەنگاونان بۆ دواوە ) ، سەبارەت بە سڕکردنی بردنەوە .**

**3. گرێبەستی مارەنەبڕینی ( شیرین و فەرهاد ) / نوسخەی ئەسلی .**

**4. خشتەی خەملاندنی تێچوونی دروست کردنی هێلکەیەک .**

**5. کۆپی نامەیەکی دەستخەتی ( قەیس ) بۆ ( لەیلا )**

**6. دوو زەرفی گەورە بودجەی پوختە نەکراو .**

**7. وێنەیەکی رەنگا ورەنگی ( مەم و زین ) .**

**8. سی دی کۆنسێرتی خوشک و براکوژی .**

**9. نەخشەی دیزاینی پردی سیرات .**

**10. شوشەیەک بۆنی باوێشک .**

**11. هەندی گەرمای پێچراوە .**

**12. کیسەیەک دۆزینەوە .**

**13. دوو دەسک وەڕین .**

**ئیمزا**

**تەیب جەبار**

**بەڕێوەبەری بارینی شیعر**

**وێنەیەک بۆ /**

**– بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەی بەهەشت / تکایە ، بۆ دیاری کردنی کات و شوێنی شەڕە تەقە پاش تەواوبوونی بەردەفڕکێ .**

**– بەڕێوەبەرایەتی هەڵگرتنەوەی خەون / تکایە ، خەونی سەر رێگاکە هەڵمەگرن .**

**– بـــــــەشی لـــــە نــــاوبردنی پـــژمین .**

**– بـــــــەشی حـــــەوانەوەی زۆرانبـــــازی .**

– هۆبەی پەیوەندی نەکردن بە کەسەوە .

– هۆبەی تەرازوکردنی لەتردان .

– زاڵگەی پشکنینی با .

– زاڵگەی ڕێگای ئەوپەڕی دونیا .

– تیپی سەماکەرانی مەیدانی چاکسازی .

– تیپی گەشتیارانی دۆزەخ .

– ئەوانەی ناویان لە لیژنەی سەرئێشەدا نەهاتووە .

– ئەوانەی نازانن پێستی تەم بخورێنن .

– ئەوانەی حەز لەخواردنی گۆشتی بۆمەلەرزە دەکەن .

– فایلی کاری درەنگانی شەو .

– فایلی قسەی نابەجێ .

– فایلی زمانی زەردەواڵە .

– فایلی شوێن پێی مێرولە .

– فایلی چیرۆکی خەست .

– فایلی پەخشانی روون .

– فایلی شیعری دەماودەم / تکایە ، پاش بڵاوبونەوەی شیعرەکە لە ناو خەڵکدا ، ئینجا هەڵیبگرن .